The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
CHAK
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# له پەراوێزی ( واژۆكۆكردنەوە بۆ بەرەسمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی كورد و كردنی 3/16 بە رۆژی جیهانی دژ بە چەكی كیمیاوی ) بە شی -6 -

- كوردێكی بەعسی قورمساغ و دڵسۆزی سەدام ...
- ماڵپەڕی دوكان و بازاڕی سیاسی و لەبار بردنی عەقڵ و ویژدانی خەڵكی كورد.

هەڵمەتی واژۆكۆكردنەوەكە جیهانێكی بەربڵاوی پڕ لە ڕووداوی جیای جیای سەیرە،ئەگەرچی ڕۆژانە ماوەی چەند كاتژمێرێك زیاتر ناخایەنێت بەڵام ئەزمونێكی زۆر دەوڵەمەندە . لانی كەم لە ڕۆژێكدا 1000 مرۆڤ كە پێشتر نەمان ناسیون یان نەمان دیون، ڕوویان تێدەكەین و ئەیان دوێنین . ئەم ڕستە كورتە پرمانایە هەموو جارێك دەڵێینەوە ( واژۆكۆكردنەوە بۆ بەرەسمی ناساندنی جینۆسایدكرانی گەلی كورد و كردنی 3/16 بە ڕۆژی جیهانی دژ بە چەكی كیمیاوی ) .

كوردێكی قورمساغ :ـ

كوردێكی قورمساغ كە بەرێكەوت لەناو ئاپۆرای هاندەرانی یاریەكانی تۆپی پێی 2008 و لەكاتی واژۆكۆكردنەوەكەدا لوتمان بەر لوتی كەوت، ووتی ئەی كێ ئیمزا بەدژی تاوانی كوردەكاندا كۆبكاتەوە ! پێمان سەیر بوو كەسێكی كورد باس لەتاوانباری گەلی كورد بكات ، چونكە ئاشكرایە كە چ تاوانێك و چ كارەساتێك بەسەر كوردا هێنراوە و كراوەتە قوربانی .

پرسیمان كام تاوانانە؟

ووتی ئەی ئەوە نیە خەریكی كوشتنی توركمانەكانن و دەتانەوێت كەركوك داگیربكەن و خەریكی لەتكردنی عێراقن، ئێوە بەچ ڕوویەكەوە داوای واژۆ لەمن دەكەن ؟ . لەكاتێكدا دەزانن كەمن بەعسی بووم و ئێوەش بە پارە و فیتی ئەمریكا و صهیونی دژایەتی شۆڕش و گەلی عێراقتان كرد ، كە مێژوو هەرگیز لێتان خۆش نابێت و بەهاری ئازادی عێراق هەردەگەڕێتەوە و تەنها ئاواتیشم گەڕانەوەی دەسەڵاتی شۆڕشە تا عێراق لەو محنەتە ڕزگاری ببێت، هەر دەشگەڕێتەوە و ئێستاكە ڕوبعی حوكم لەدەستی ئێمەدایە .

پێشتر وامان دەزانی تەنها لەبەر ئەوەی مافی پەنابەری وەربگرێت خۆی وەكو بەعسیەك ناساندوە ، بەڵام ئێستا زۆر بەئاشكرا و بێشەرمانە شانازی بە بەعسی بوونی خۆیەوە دەكات .

پێمان ووت ئەی نازانیت بەعسی بوون شەرمە و خیانەتیشت لەنەتەوەكەی خۆت كردوە چونكە بەعس بڕیاری سڕینەوەی نەتەوەی كوردی لە باشوردا دابوو ؟ .

ووتی جارێ ئەوەی ئێوە پێدەڵێن باشور ئەوە سەروی عێراقە و بەشێكە لەو خاكە هەر وەك وەسط و جنوب .

دووەم، كورد موستەهەقی لەوە خراپتر بوو بەڵام دڵنەرمی و ئازایەتی و ئیمانداری سەرۆكی شەهید، خوا گۆڕی پڕلە نور كات ، ئەو دوو میلونەی هێشتەوە .

كوردەكان دەچون پێش مەجوسیەكان دەكەوتن تا خاكی عێراق داگیر بكات ، كوردەكان شەوڕۆژ چاوساغی پاسدار و ئیطلاعاتی خومەینی بوون بۆ تەقاندنەوەی چاڵە نەوتەكان . كوردەكان شاری هەڵەبجەیان داگیركرد و تەسلیمی پاسداریان كرد ، كورد نەك 12 ملیون بێت 1 ملیاریش بن قەد

نابن بەهیچ . من خیانەتم نە لە گەل و نەلە خاکی خۆمم نەکردوە ، من هەرچیەکم کردبێت بۆ خزمەتی وولاتەکەم بووە و فخری پێوەدەکەم ، ئەوە کوردەکانن تجارەت بەسەر گەل و وولاتەوە دەکەن و وولاتیان خستوەتە بازاری مەزاتەوە هەرلایەک دۆلارێک زیاتر بدات سەریان بۆ شۆڕدەکەن و لەسەر سینیە ئاڵتون پێشکەشیان دەکەن . لەکاتی سەرکردایەتی سەرۆکی شەهیدا بۆ تورکیا دەیتوانی یەک مەتر پێ بخاتە خاکی پیرۆزی عێراقەوە ؟ .
دەرسیکمان بە ئێراندا. بووە عبرەت بۆ هەمو طماع بازوو داگیرکەرێک و ناچارمان کرد پەرداخە زەهر، قوزەڵقورت بکات .
لە زەمانی سەرۆکە گۆربەگۆرە فاشیەکەی تۆدا تورکیا بۆی هەبوو 15 کم بیتە ناو خاکی کوردستانەوە .
بەعسیەکە :ـ ریگات پێنادەم بەو جۆرە قسە بکەیت ، باشتر وایە رێزلە خۆتان بگرین ،خۆ ئێوە دعایەی موسەقەفی و مافی مرۆڤ دەکەن ، بە قسەی خۆتان باوەڕتان بە حریەتی سیاسی هەیە، من پێموتی من بەعسیم و مافی خۆمە ، ناچاریشم مەکە بانگی ئەو پۆلیسانە بکەم ( پۆلیسێکی زۆر بۆ پارێزگاری ئاسایشی ناو باریگاکان و شەقامەکان لە شارەکانی سویسرادا دانراون ) تەنها چەند قسەیەکی ترت لەگەڵ دەکەم و ئامادە نیم جارێکی تر بەو شەقامەشدا برۆم کە کوردی پیا دەڕوات .
هاتنی تورک بۆ ناوخاکی پیرۆزی عێراق بە قولآی 15کم بە پێی ئیتفاقیەی ئەمنی نێوان هەردوو وولآت بوو ، ئەو هاتنەش کە هەرگیز ڕووی نەدا ، دەبوو لە ژێرچاودێری لیژنەی ئەمنی قوطری بێت ، بەلآم ئێستا ڕۆژی چەند جارێک تورکیا و ئێران خۆیان دەکەن بە وولآتدا کوردەکان وەک بەکرێ گیراوێک ڕێگایان بۆ پاک دەکەنەوە ، لە کاتی حوکمی سەرۆکی شەهیدا کورد لە چی کەمبوو ، لە سوریای ئەسەدا کورد بوونی نیە . لە تورکیا کورد بوون، مەمنوعە . لە ئێرانی مەجوسیدا کورد کراوە بە حەماڵ و بۆیاخچی وعەبدی بەرقاپی دەسەلاتداران ، ئەوە تەنها سەرۆکی شەهید بوو کە دەیفەرموی کورد دوو مافی هەیە 1 ـ وەک عێراقیەک 2 ـ وەک حوکمی زاتی . باشترین موادی ئستهلاکی لە شارەکانی ناوچەی حوکمی زاتیا بوو . چ ڕۆژێک بێ ئاو کارەبا بوون ، رادیو تەلەفزیون بەزمانی کوردی بوو ، پێشکەوتوترین زانکۆ لە سلیمانیدا بوو ، داودەرمان بە بەلاش بوو ، بەلآم ئێوە کەوتنە دوای قسەکانی موخەرەبین ، دەبرۆن تاماون عەزاب بخۆن .

بەداخەوە لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانی ڕانەوەستا تا ئێمەش بیروبۆچونی خۆمان دەربڕین، بە پەلە و ڕاکردن خۆی گەیاندا نێو ئەو پۆلیسانەی کە بۆ پارێزگاری لە شوێنەدا وەستا بوون .

ماڵپەڕی دوکان و بازاڕی سیاسی :ـ
چەند دوکانۆکەیەکی سیاسی لە ژێرناوی ڕۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆدا بەهەمان دیدو بۆچونی دەسەلآتی کوردی ڕۆژانە خۆڵدەکەنە چاوی خەڵکەوە ، ئەوەی سەیرە ئەو دوکانۆکانە ئەوەندە دژ بەیەکن و ناوناتۆرە و بۆختان بۆیەکتری هەڵدەبەستن ، کەچی لەبەرامبەر ناوەندی هەڵبجەدا کۆک و هاوڕان ، سەرباری ئەم کارەنادروستەیان بابەتی پڕ لە سوکایەتی و بێ ناوڕۆکی کەسانێک لە ژێر ناوی ـ چاودێرێک ـ دۆستێکی چاک ـ ناوی خوازراو .... هتد بەدژی هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە ، نەک تەنها بڵاودەکەنەوە بەڵکو لە جێگەیەکی دیاری جامخانەی دوکانەکەیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەهێڵنەوە . بەلآم ئامادە نین بانگەوازی ناوەند یان ڕاپۆرتی چالاکیەکانمان بلآوبکەنەوە .

ئێمە ئەو پرسیارەیان لێدەکەین ، ئاخۆ کۆکردنەوەی واژۆ بۆ بە فەرمی ناساندنی جینۆسایدکرانی گەلی کورد و کردنی 3/16 بە ڕۆژی جیهانی دژ بە چەکی کیمیاوی ، چ زیانێک بە ڕەوشی نەتەوەی کورد ئەدات ؟ .

ئاخۆ کاتێک لە ژێر ناو و ناونیشانی جیاجیادا بابەتی موهاتەرایەتیانە بڵاو دەکەنەوە چ سودێک بە دۆزی جینۆساید ئەگەیەنن؟ .

ئەگەر هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوەکەی ناوەندی هەڵەبجە زیان بە دۆزی جینۆسایدی گەلی کورد دەگەیەنێت ، ئەو کەسانە بۆ نایەن بە ئاشکرا و بەناوی خۆیانەوە ئاگادارمان بکەن کە ئەم کارەمان کارێکی خراپە و زیان بە دۆزەکەمان دەگەیەنێت؟ .

ئەگەر هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوەکە کارێکی نادروستە و دوکانۆکەکان خۆیان وەک دڵسۆزی نەتەوەی کورد و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی سەربەخۆ نیشان ئەدەن بۆ نایەن داوا لە شارەزایان ناکەن موچیاریمان بکەن و باوەڕمان پێبهێنن دەستبەرداری ببین و لەوە زیاتر خەتا نەکەین .

بەڵام ئێمە خوێندنەوەیەکی ترمان هەیە و مێژووش ڕاستیەکان ئاشکرا دەکات و کات و کاری کەم و بەنرخی خۆمان بۆ قسەی بەعسیەک و ڕەفتاری بەعسیانە بەهەدەر نادەین .



ئەڵمانیا



نیجیریا



تیبیت





باکوری کوردستان

ڕوسیا






ئیسپانیا

کرواتیا





وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا

ئیسلنەند







باشوری کوردستان

ئێران

یەمەن





ڕوسیای سپی

کۆنگۆ





کوردستان ـ

باشوری بچوک          سوئد

www.chak.info     chak.org@gmail.com     chak.schweiz@hotmail.com

25/06/2008